# بەرەنجامە ئەگەرییەکانی ڕێفراندۆم

هەژێن
١٨ی ئۆگوستی ٢٠١٧

بەرایی: بۆچوونی خۆم لەبارەی ڕێفراندۆم و جیابوونەوە و سەربەخۆیی و گەڕانەوەی بۆچوونی من لەبارەی هەڵای (ڕێفراندۆمی ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧) بۆ هەڵوێستی من بەرانبەر بەرەنجامە ئەگەرییە نیگەتیڤەکانی ئەو ڕێفراندۆمە.

بەبۆچوونی من، تەنانەت لەو بارەشدا کە ڕێفراندۆم کراوەتە ئامرازی سەپاندنی ناڕاستەخۆی بەرژەوەندی کۆمپانییەکان و دەوڵەتان، هێشتا ڕێفراندۆم (دەنگدانی گشتی خەڵك لەسەر پرسەکان) زۆر لە بڕیاردانی ڕاستەوخۆ و ملهوڕانەی پارتییەکان و پارلەمانەکان و دەوڵەتەکان و کۆمپانییەکان باشترە، چونکە ڕێفراندۆم ئەگەری ئەوە مسۆگەردەکات، کە خەڵک بڕیاربدات و خەڵك بواری هەبێت بیربکاتەوە و بڕیارێکی ژیرانە بدات، بەڵگەی ئەوەش زۆر سادە و ئاشکرایە، ملیۆنان هۆش و مێشک لە یەک یان چەند دانە هۆش و مێشک باشتر و وردبینترن.

بۆ من، ئەگەر سەرەنجامی بڕیاردانی خەڵك بە جیابوونەوە و پێکهێنانی قەوارەی سەربەخۆی ئێتنیی و ئایینی و یان سێکیولار، بە جەنگ و تاوسەندنی کینەدۆزی ناسیونالیستی و ئایینی و پارتییایەتی نەیێت، زۆر لە مانەوە و ملەچی ناچارییانە و نەخوازراوانەی خەڵك باشترە، چونکە وەك هێشتنەوەی بەرمیلە باروتێکە لەسەر دەمی چاڵە بورکانێك، کە هەر سات ئەگەری هەڵچوونی هەیە، بە واتایەکی دیکە جیابوونەوە و یەکگرتن مافی بێچەندوچوونی هەر کۆمەڵێکە؛ هەر پێکهاتەیەکی ئێتنی و ئایینی و کولتووری و دەبێت تەواوی خەڵك لەسەر ئەوە بڕیاربدات، نەك پارلەمان و پارتیی و دەستەبژێرێك. بۆ ئەو مەبەستە ڕێفراندۆم گونجاوترین ئامرازە.

هەرچەندە سەربەخۆیی بۆ من بە واتای سەربەخۆیی تاک و کۆمەڵ لە کۆت و بەندە ئابووریی و ڕامیارییەکانی سەروەران و مشەخۆران و ملهوڕان و دیکتاتۆران و پارلەمانتاران و ڕامیاران و هەر ئاوا بەواتای سەربەخۆیی و ڕزگاری تاک و کۆمەڵ و ئازادییە کەسیی و گشتییەکان و مافە سروستی و گەردوونییەکان دێت و هەنگاوی یەکەم بە لەنێوبردنی دەسەڵاتێك دەستپێدەکات، کە بەناوی خەڵك و بەرژەوەندی گشتی و دێوجامەی نیشتمان و "نەتەوە" بووە بە ملهوڕ و مشەخۆری سەر ڕەنجی خەڵك و سامان و داهاتی کۆمەڵ. سەرباری ئەوەش هەر کۆمەڵێك مافی خۆیەتی کە لە قەوارەیەک خۆی سەربەخۆبکات و قەوارەیەکی دیکە بۆ خۆی دیاریبکات.

ئەگەر هێشتا کەسانێك هەن و لەسەر بنەمای کلێشە ئایدیۆلۆجییەکانی جاران پێکەوەمانەوەی زۆردارانە و ناچارییانەی ئێتنییەکان و کۆمەڵە ئایینییەکان لەچواچێوەی قەوارە ڕامیاریی و جوگرافییە سەپێندراوەکان؛ مانەوەی نایەکسانانەی کوردان و عەرەبان، سوننە و شیعان، مەسیحی و ئێزیدی و یاراسان لەتەك موسوڵمانان بەگوێرەی مەرجە ملهوڕییەکانی دەوڵەت بە "تێکۆشانی نێونەتەوەیی" ناودەبەن و پاساودەدەن، ئەوا بۆ من جیابوونەوە و کۆتاییهێنان وەك بەرگرتن لە کینەدۆزی ناسیونالیستی و ئایینی و نزیکبوونەوەی تەقینەوەی بورکانەکە، زۆر باشترە و لە بار و ئەگەری جیابوونەوەش کرێکارانی کورد و عەرەب و تورکمان و شیعە و سوننە و مەسیحی و ئێزیدی و یارسان هەر ئەوەندەی ئێستا دابەشکراو دەبن و هەر ئەوەندەی ئێستا هاوپشتی و هاوتێکۆشانی دژەچینایەتی پرۆلیتێرەکان لاواز دەبێت. چونکە بە کردەوە، ڕەوتە ناسیونالیستە عەرەب و کورد و تورکمانەکان و ڕەوتە ئایینییە شیعە و سوننە و مەسیحی و ..تد ناڕەزایەتی و تێکۆشانی چین و توێژە نەدارکراو و بێدەسەڵاتکراوەکانیان بەسەر "عەرەبایەتی" و "کوردایەتی" و شیعایەتی و سوننایەتی و مەسیحیەتی و ...تد دابەشکردووە و ڕوداوەکانی دوو دەهەی ڕابوردوو و کاردانەوەکانی خەڵك نیشانداوە، کۆمەڵێکی هاوئامانج و هاوداخوازی بەناوی (عیراق) بوونی نەماوە. ئەگەر لە بە نموونەهێنانەوەی هێرشی فەرمانداریی بەعس ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و هێرشی فەرمانداریی بەعس بۆ سووتاندنی هۆڕەکان لە باشوور و سەرکوتکردنی خوێناوییانەی ڕاپەڕینەوەکانی بەغداد و نێوەڕاست، کە نەبوونە هۆی وروژاندن و پشتیوانی ڕاپەڕینەکانی بەشەکانی دیکەی عیراق، بگوزەرێم، ئەوا نزیکترین نموونەی دیکە هەن، کە جیابوونەوە و دابەشبوونی بەکردەوەی ئێتنی و پێکهاتە ئایینییەکانی عیراق دەسەلمێنن؛ ڕاپەڕینی جەماوەرییانەی خەڵکی ناوچە سوننە-نشینەکانی عیراق ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠١٤ و پشتیوانینەکردنی لەلایەن ناوچە کورد-نشین و شیعە-نشین و تورکمان-نشینەکان، ڕاپەڕینی خەڵکی بەغداد و بەسرە ساڵی ٢٠١١هاودەم و پاش ڕاپەڕینەکانی کۆمەڵەکانی باکووری ئەفەریکا و خۆرهەڵاتی ناوین و پشتیوانینەکردنی لەلایەن خەڵکی بەشەکانی دیکە، ڕاپەڕینی ١٧ی شوباتی ٢٠١٢ خەڵکی هەرێم و پشتیواننەکردنی لەلایەن بەشەکانی دیکە، فرۆشتن و بەدەستەوەدان و داگیرکرانی موسڵ و زومار و شەنگال* و کۆمەڵکوژکردنی

ئێزیدییەکان و...تد پشتیواننەکردنی خەڵکی بەشەکانی دیکە، تەنانەت ڕونەدانی تاکە مانگرتن و نارەزایەتییەکی کرێکاری لە بەشێك و بەشەکانی دیکە پشتیوانیان کردبێت، بۆ نموونە نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکارانی نەوت لە بەسرە پێش هاتنی داعش، کە هیچ پشتیوانییەکی کرێکارانی ناوچە کوردنشین و سوننە-نشینی بەدەستنەهێنا. ئایا هیچ هاوپشتییەکی دژە-چینایەتی کرێکاران هەبووە و هەیە، تاکو جیابوونەوەی هەرێمەکان (بەسرە) و "کوردستان" و سوننە-نشین ببێتە هۆی لەنێوبردن و لاوازکردنی؟

سەرباری هەموو ئەو نەبوونانەش، بە بۆچوونی من، هەوڵی دابەشکردنی عیراق، پێش ئەوەی خواستی خەڵك بێت، خواست و پیلانی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و دەوڵەتەکانی ناوچەکەیە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی خۆیان، کە پەرەسەندن و ئەگەری یەکگرتنەوەی نارەزایەتییەکانی باکوور و نێوەڕاست و باشووری عیراق دەبێتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر نەخشە و بەرژەوەندییەکانی ئەوان. بێجگە لەوەش ئەوە ئاشکرایە کە خواستی جیابوونەوە لەنێو کوردان و ناوچەکانی دیکە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە خەڵک لەپێناوی ڕاپەڕێت، ئەگەر دەسەڵاتداران و پارتییە ڕامیارییەکان** ئەو هەرایانە بەرپانەکەن، هەرگیز خەڵک بەرنابنە یەکدی و لەجیاتی داخوازی (نان و ئازادی)، داخوازی "دەوڵەتی نەتەوەیی و ئایینی و سێکیولار" بەرزناکەنەوە. سەرباری ئەوەش، ئەگەر خەڵکی هەرێم یان بەسرە لەسەر جیابوونەوە بڕیاربدەن، من پشتیوانی بڕیارەکەیان دەکەم.

بنەمای هەڵوێستی من بەرانبەر هەڵای ڕێفراندۆم یان ڕاستر بڵێم هەڵای (دەوڵەتاندۆم)، ئەوەی کە وەك ئۆگوستی ٢٠١٤ هەڵای "دەوڵەتی کوردی" فریودانی خەڵکە، گومان هەڵناگرێت. ساڵی ٢٠١٤ هەرای واژۆکۆکردنەوە بۆ "دەوڵەتی کوردی" بۆ پەردەپۆشکردنی هێنانی لەشکری (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام)* بوو. هەر ئاوا کە ئێستا بۆ گۆڵکردنە لە لایەنە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسینەکانی نێو هەرێم و ئەگەر سەریشیگرت و بواریدرا، بۆ بەکاربردنی دەنگی خەڵکە وەك کارتی فشار بەرانبەر فەرمانداریی نێوەندیی عیراق لەسەر دابەشکردنی داهاتی نەوت و پۆستەکانی دەسەڵاتداریی.

وەك دەرکەوتووە و دەردەکەوێت هەرای ڕێفراندۆمی سێپتەمبەری ٢٠١٧ بۆ گۆڵکردنە لە کێبڕکێکەرە پارلەمانییەکان (ینک و پارتییە نیلییەکە و ئیسلامییەکان) و هێز و پارتییە پڕۆ_(پەکەکە)ییەکان، بۆ کۆتایی هێنانە بە مەزاتی ڕامیاریی لەسەر ٣١ی ئابی ١٩٩٦ (پدک)، بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو مێژووەیە؛ بە بۆچوونی من، چ زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە بە ڕێفراندۆمەکە ڕێگەبدەن یان نا؛ چ سەرەنجامی ڕێفراندۆمەکە پەسەندبکرێت یان نا ; چ سەرەنجامی ڕێفراندۆمەکە (بەڵێ) بێت یان (نا)، براوە (پدک) و ئەو کۆمپانی و نێوەندە جیهانی و ناوچەییانە و دەوڵەتە ناوچەییە پشتیوانیکەرەکانی (پدک) دەبن .

هەر ئاوا بەبۆچوونی من، تەنیا لە یەک باردا (پدک) دۆڕانی هەموو ئەوانە دەبێت، ئەگەر کۆتایی سەرەنجامی ڕێفراندۆمەکە بە جەنگی نێوخۆیی نێوان فەرمانداریی نێوەندیی عیراق و فەرمانداریی هەرێمی کوردستان تەواو ببێت و ئەو جەنگە بۆ جەنگی ناسیونالیستی نێوان عەرەب و کورد، تورکمان تەشەنەنەکات. چونکە ئەگەر نەتوانن جەنگی نێوان خۆیان (دەسەڵاتداران) بگۆڕن بە جەنگی ناسیونالیستی نێوان پێکهاتە ئێتنییەکانی عیراق، ئەوا شکستی (پدک) بەبێ کۆمەکی میلیشیا و دەسەڵاتدارە کوردەکانی دیکە مسۆگەرە و (پدک) دەبێتە پەندی ڕۆژگار و بەرگەی هێرش و پەلاماری لەشکری فەرمانداریی نێوەندیی ناگرێت.

لەو بارەشدا (پدک) تەنیا دۆڕاوی بەدینەهاتنی "دەوڵەتەکەی" و بەدینەهاتنی داخوازی پشکی زیاتری داهاتی نەوت و دابەشکردنی پۆستەکان نابێت، بەڵکو دۆڕاوی بەدینەهاتنی جەنگی ناسیونالیستانەی نێوان ئێتنییەکان دەبێت، کە کۆمپانی و دەوڵەتە پشتیوانەکانی (پدک) دنەیدەدەن و ئاگرەکەی گەشدەکەن. ئەگینا لە باری هەڵگیرسانی جەنگی نێوخۆیی فەرمانداریەکان و ئێتنییەکان، لەسەر ئاستی هەرێمی "کوردستان" ئەو هێزانەش ڕاکێشی نێو جەنگەکە دەکات، کە تاکو ئەم ساتەش پاگەندەی (نەخێر) بۆ ڕێفراندۆمەکە دەکەن، ئەوەش بۆ ئاڵۆزی و بەهێزیی تاکتیکەکە دەگەڕێتەوە، کە لۆبی کۆمپانییەکانی دەرهێنانی نەوت و چەکسازی و دەوڵەتەکانی بۆ (پدک) دایانڕشتووە، بەرپاکردنی جەنگێك کە تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێت و جەنگ بباتە قوژبنی هەموو ماڵێك و هەموو هۆشێکی خۆشباوەڕ بە ناسیونالیزم و سەربەخۆیی لە سایەی دەوڵەت لەنێوی بەشداربکات.

بەڵگەکانی ئەو ئەگەرانە:

باری یەکەم: ئەگەر بە ڕێفراندۆزمەکە بواربدرێت یان نا، (پدک) براوە بێت یان نا، سەرەنجامەکەی لەلایەن یوئێن و زلهێزەکان پەسەندبکرێت یان نا ؛ لەبەرئەوەی کە زۆرینەی تاکی کورد بە ڕاست و چەپ، ئیسلامی و سێکیولار، کۆنەپارێز و لیبراڵ بە دەوڵەت خۆشباوەڕن و بڕوایان بە کوردی_بوون و کرێکاری_بوون و ئیسلامی_بوون و لیبراڵ_بوون و سوننە_بوون و شیعە_بوونی دەوڵەت هەیە و دەوڵەت بە تاکە "ئامرازی سەربەخۆبوون" و بە ئامرازی "پاراستنی ئاسایش" و "ئاشتی تاک و کۆمەڵ" و بە ئامرازی "دادپەروەرانەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ" دەزانن، زۆرینە لەتەک بەشداریکردن و (بەڵێ) دەبێت و هەر ئاوا زۆرینە لەتەك جیابوونەوەیەك دەبێت، کە کۆمپانییە جیهانلووشەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی خۆیان و (پدک) وەك تاکتیکێک بۆ گێڕانەوەی ئابڕووی تکاوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و ٣ی ئۆگوستی ٢٠١٤ و لەوەش گرنگتر لێدان و گۆڵکردنی مێژوویی لە پارتییە ڕکەبەرەکانی نێو پارلەمانی هەرێمە، کە بۆ هەمیشە ئەوان لەنێو مۆش و ئاوەزی خەڵك دەخاتە بەرەی داگیرکەران و (پدک) کە هەموو تەمەنی بەرلەشکری داگیرکەران بووە، دەکاتە تاکە "فریادڕەسی گەل... "

باری دووەم: ئەگەر بە بەرپاکردنی ڕێفراندۆم بواربدرێت و سەرەنجامەکەی (بەڵێ)ی زۆرینە بێت و نێوەندە جیهانییە بڕیاردەرەکان جیابوونەوەکە پەسەندبکەن و فەرمانداریی نێوەندیی عیراق و عیراق وەك دەوڵەتێك بەوە ڕازنەبێت و سەرەنجامەکەی بە جەنگی نێوخۆیی نێوان فەرمانداریەکانی عیراقی فێدراڵ و گەلانی عیراق تەواوبێت، ئەوا زۆرینەی کۆمەڵی هەرێم تووشی پەشیمانی دەبن و تەنیا کەمینەیەک بڕوای بە (پدک) بەهێزتر دەبێت، کە ئەندامان و هاوبەرژەوەندییانی (پدک)ن. بێجگە لەوە، لە بارێکی ئاوادا دوو بەرەنجامی لاوەکی دیکەی وەك پاشکرایی جەنگی نێوخۆیی نێوان فەرمانداریەکان و تاکە ناسیونالیستەکانی گەلانی عیراق دەبێت، کە ئەمانەی خوارەوەن:

- ئەگەر جەنگ بەرپابکرێت، بەرەی (نا) بەتایبەت (ینک و پارتییە نیلییەکە و پارتییە ئیسلامییەکانی بەرەی نەخێر) خۆبەخۆ دەکەونە سەر دووڕیانێك : جەنگ دژی بەشە فەرمانداریەکەی (پدک)، یان جەنگ دژی فەرمانداریی نێوەندیی عیراق لەپشت سەری (پدک).

ئەوە ئەو بەرەنجامە خوازراوەیە، کە (پدک) بەتەواوەتی پشتی بە ئەو وەك تاکتیکێك بەستووە و لە سەرەنجامی ڕێفراندۆمەکە و بە دەوڵەتبوون و سەرۆک-دەوڵەتبوونی بارزانی گرنگترە، چونکە (ینک و پارتییە نیلییەکە و پارتییە ئیسلامییەکانی بەرەی نەخێر) چ بخوازن و چ نەخوازن، ناچارن لەپشت سەری (پدک) دژی فەرمانداریی نێوەندیی بجەنگن، ئەگینا دەکەونە ئەو خانەی کە (پدک) ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران و ١٩٩٦ لە هەولێر و ٢٠١٤ لە شەنگاڵ تێکەوت.

ئەگەری ڕێگەی سێیەم، کە ئەگەری هاوبەرەیی بەرەی (نەخێرە) لە دژی بەرەی (پدک) لە کاتی بەرپابوونی جەنگی نێوخۆیی، ئەوەش ئەگەری زۆر کەمە، چونکە لەنێو سرووشتی ئەو هێزانە (ینک و پارتییە نیلییەکە و پارتییە ئیسلامییەکانی بەرەی نەخێر) بێلایەنی بوونی نییە و هەرگیزیش ناتوانن دژی خۆشباوەڕیی ناسیونالیستانەی زۆرینەی دانیشتووانی هەرێم لەنێو بەرەی فەرمانداریی نێوەندیی عیراق دژی (پدک) بوەستن، چونکە لەو بارەدا ئەوان دارێکیان بە دەستەوە، کە هەر دوو سەرەکەی هەر ... .

بەڵام بە پێچەوانەی بەرەی ناسیونالیستی و پارتییە دەسەڵاتدار و بەشدارەکانی پارلەمان، بەرەی چەپ بەگشتی لەسەر بنەمای پێشینەی هەڵوێستی دژی جەنگی نێوان دەوڵەتان و فەرمانداریەکان و میلیشیاکان دەست و پێی کراوەترە لە بواری دژایەتیکردنی هەر هەوڵێك، کە بەرەنجامەکەی جەنگی نێوخۆیی یان جەنگی دەرەکییە و ئاگری جەنگی نێوان ئێتنییەکان و کۆمەڵە ئایینییەکان و قەوارە ڕامیاریی و میلیشیاییەکان خۆشدەکات. بە ڕادەی کەم مێژووی دژە-جەنگبوونی بەرەی چەپ لە سەدەیەک زیاترە.

ئەگەر لەو ئەگەرانەش بگوزەرێین، ئەوا پێداچوونەوەی هەڵەکان و هەوڵەکانی بۆرجوازی کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، بە ئاسانی ئەو ڕاستییە دەرخات، کە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ وێڕای جیابوونی بەکردەوەی هەرێم لە عیراق و هەر ئاوا ساڵی ٢٠٠٣ -٢٠٠٥ پاش ڕوخانی فەرمانداریی بەعس، گەورەترین هەلی جیابوونەوە هەبوو و هەرچەندە ئەو کات لە ئێستا زیاتر خەڵک خوازیاری جیابوونەوە بوو، کەچی بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی کە لە بەرژەوەندی بۆرجوازی کورد چ وەك بازرگان و سەرمایەدار، چ وەك دەسەڵاتدار و پارتییە ڕامیارییەکانی نەبوو و ئامادەی جیابوونەوە نەبوون.

بەڵام ئێستا پاش ئەوەی کە زۆربەی زەمینە لەبارەکانی جیابوونەوە لەدەستچوون و دەسەڵاتداران و ئۆپۆزسیۆن بە هەموو شێوەیەك پابەندی مەرج و بەندەکانی کۆمپانییەکان و زلهێزەکان و ڕێکەوتننامەی دەوڵەتانی ناوچەکەن و ئەوان (زلهێزەکان و کۆمپانییە جیهانخۆرەکان) دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەری بەکردەوەی کۆمەڵی هەرێمن و پارتییە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم تەنیا پاسەوان و پارێزەری ئاسایش و زەمینەسازی

سەرمایەگوزاری ئەوانن لەو هەرێمە و فەرمانداریی هەرێمی "کوردستان" وەك فەرمانداریی نێوەندیی عیراق دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، ملکەچ و وابەستەی بەرنامە و ڕامیارییەکانی سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی و بانکی نێوەندیی ئەوروپی و کارخانەکانی چەکسازی و ئۆتۆمەبێلسازی و پاڵافتەکردن و تاڵانبردنی نەوتە و ئەوە ئەوانن (کۆمپانییە جیهانخۆرەکان) کە بۆ فەرمانداریی هەرێم و پارتییە دەسەڵاتدارەکانی بەرنامەڕێژیدەکەن و سنوور و ڕۆڵی پارتییە ئۆپۆزسیۆنەکانی نێو پارلەمان دیاریدەکەن و لە ڕێگەی ئەوانەوە بە داخوازیی و خەونەکانی خەڵك بازیدەکەن. کەچی دەسەڵاتداران بەتایبەت (پدک) و هاوپەیمانە چەپەکانی، عیراق و هەرێمێك کە تازە لەنێو دۆزەخی تیرۆری (دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی) ڕزگاربووە، بەرەو جەنگێکی نەبڕاوەی ناسیونالیستی ئاوا دەبەن، کە هەموو نەهامەتییەکانی جەنگی سی ساڵەی نێوان بزووتنەوەی چەکداریی ناسیونالیستی کورد و فەرمانداران‌ی عیراق و جەنگی سی ساڵەی نێوان باڵە چەکدارەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد و جەنگی هەشت ساڵەی عیراق-ئێران و جەنگی دووەم و سێیەمی کەنداو بەراورد بە خۆی دەکاتە شایی و هەڵپەڕکێی نێوان هەموو بەرەکان.

بەبۆچوونی من، ئەگەر بڕیاربێت هەرێمی "کوردستان" سەربەخۆبکرێت، ئەوا دەبێت و پێویستە لە دەسەڵات و زاڵی و چەپاوڵی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و ڕامیاری و بەرنامە و مەرجەکانی سندووقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی ئەوروپا و کۆمپانییەکانی وەك مۆنسانتۆ خۆی ڕزگاربکات و سەربەخۆبکرێت؛ لەو کۆمپانی و نێوەندانە ڕزگار و سەربەخۆبکرێت، کە چەپەکانی وەك "کۆمونیزمی کرێکاری" نەک بۆ جارێکیش ناوی ئەوانە ناهێنن، بەڵکو بە ناوهێنانی ئەوانە زمانیان لاڵدەبێت.

بێجگە لەوە، وەك دەبینین و دەزانین ئەو هێزە ناوچەییانەی کە پشتیوانی لە جیابوونەوە و دەوڵەتبوونی هەرێمی قەرەقووشی بۆرجوازی کورد دەکەن، لەتەك دەوڵەتی بۆجواز-ئیسلامی ئێران کێشەیان هەیە و دەخوازن بە لێدان لە دەوڵەتی و فەرمانداریی نێوەندیی عیراق وەك یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی پرۆژەی ئیمپراتۆریی بۆرجوازی شیعە لە ناوچەکە، بە پرۆژە ناوچەیی و جیهانییەکانی دەوڵەتی بۆرجوازی شیعە کۆتاییبهێنن. لە بارێکیشدا ئەگەر پلانەکە سەرکەوتوو نەبوو و بەرەی نێوخۆیی (پدک) لەنێو عیراق و هەرێم تێکشکا، یان هەوڵی جیاکردنەوەی هەرێم لە دەوڵەتی عیراق و گێڕانەوەی "وڵایەتی موسڵ" و بەکاربردنی وەك دەوڵەتی ئیسرائیل لە ناوچەکە بەدینەهات، ئەوا خۆیان لەتەك فەرمانداریی نێوەندیی عیراق و دەوڵەتی ئێران ڕێکبکەونەوە و وەک ڕێکەوتنەکانی ١٩٧٥-١٩٧٨ بە کۆمەڵێك بەرتەری و دەستکەوت بگەن، لەوانە دەرپەڕاندنی (پەکەکە) لەنێو سێگۆشەی سنووری عیراق-ئێران-تورکیە و شکستهێنان بە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی (خۆراوا).

لەم خاڵەی کۆتاییدا پارتییەکانی ڕەوتی "کۆمونیزمی کرێکاری" چ لە ئێران و چ لە عیراق، هاوبەرژەوەند و هاودەردی دەوڵەتی تورکیە و (پدک)ن؛ دەوڵەتی تورکیە خوازیاری دەرپەڕاندنی (پەکەکە) لە قەندیل و تێکشانی خۆبەڕێوەبەریی (خۆراوا)یە، چونکە بوونی ئەو دووانە بە مەرگهێنەری خۆی دەبێنێت و مەترسین بۆ سەر پلانی دروستبوونی ئیمپراتۆریی نیئۆ-ئوسمانی. (پدک) خوازیاری دەرپەڕاندنی (پەکەکە) لە قەندیل و تێکشانی خۆبەڕێوەبەریی (خۆراوا)یە، چونکە (پەکەکە) بە ڕکەبەری دەسەڵات و هەژموونی خۆی لە "کوردستان"ی بەشی تورکیە و "کوردستان"ی بەشی سوریە و هەر ئاوا لە ناوچەی (بادینان)یش دەزانێت و سەرکەوتنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی (خۆراوا) واتە کۆتاییهاتنی سیستەمی دەسەڵاتداریی بنەماڵەیی و خێڵەکی سەرانی (پدک). هەر ئاوا بۆ پارتییەکانی ڕەوتی "کۆمونیزمی کرێکاری" دەرپەڕاندنی (پەکەکە) لە قەندیل و تێکشانی خۆبەڕێوەبەریی (خۆراوا)، بە واتای دەرکەوتنی قەد و باڵای خۆیانە. چونکە لە کوردستانی بەشی ئێران و تەنانەت لەنێو ئۆپۆزسیۆنی چەپی ئێرانیش لایەنگران و پشتیوانانی (پەکەکە) و خۆبەڕێوەبەریی خۆراوا هەن، لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بڕیاربێت ئاڵوگۆڕی شوێن و پێگەی هێزەکان و سیستەمی بەڕێوەبردن ڕوبدات، ئەوا دیسان هەر (پەکەکە) و خۆبەڕێوەبەریی (خۆراوا) پێشنیارە، ئەوەش واتە مەرگی یەکجارەکی خەونەکانی سەرانی پارتییەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری"؛ هێزی سێیەم و بەرەو دەسەڵات هەڵکشان***. وەك دەزانین و دیتمان، لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١-٢٠١٧ قسەکەرانی کۆمونیزمی کرێکاری لەپێناو بەدەسەڵاتگەیشتن، تاکتیک و کاژگۆڕین نەما پەنای بۆ نەبەن، بەڵام هەرگیز و لە لەبارترین بار و دۆخ و سەردەمدا کە ساڵانی پاش ڕاپەڕین و ساڵانی سەردەمی جەنگی نێوخۆیی بوون، نەیانتوانی ببنە ئەو هێزەی کە خەونی هەمیشەیی خۆیانە. بەڵام بەپێچەوانەی هەوڵەکانی ئەوان، لەناکاو خۆبەڕێوەبەرییەکی گەلیی و فرە ئێتنی و سێکیولار و یەکسانگەری پێگەی ژن و پیاو لە بێدەنگترین بەشی ناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەڵاتی ناوین "کوردستان"ی بەشی سوریە، کە هیچ کەس ئاوا چاوەڕوانییەکی نەبوو و هیچ کەس ئاوا پێشبینی و ئەگەرێکی لەبەرچاونەگرتبوو، سەرهەڵدەدات و حەفتا فەرسەخ دروشم و بەرنامە تاکتیکی و بریقەدارەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری" دەخاتە پشت سەری خۆی. لەبەرئەوەیە، کە خۆبەڕێوەبەریی (خۆراوا) وەك زەنگی مەرگ ئەو سێ ئاراستەیەی (ڕەوتی ڕۆنانی ئیمپراتۆری نیئۆ-ئوسمانی، ڕەوتی بە دەوڵەتکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی، ڕەوتی "کۆمونیزمی کرێکاری") لەنێو بەرەیەکی فرە دیو کۆکردوونەتەوە.

بۆ ڕەوتی "کۆمونیزمی کرێکاری" وەك ڕەوتێکی دەسەڵاتخواز و دژە-ئیسلام نەك دژە-ئایین و دژە-سەرمایەداری، لەتەك پرۆژەی دەوڵەت و هێزە ناوچەییە دژەکانی دەوڵەتی بۆرجوازی شیعە لە ئێران یەکدەگرێتەوە و دوژمنی دوژمنی دۆستیەتی؛ هەم بەرژەوەندی (پدک) بەرانبەر (ینک) و (فەرمانداریی نێوەندیی عیراق) وەك هاوپەیمانەکانی دەوڵەتی ئێران و هەم بەرژەوەندی هێزە ناوچەییەکانی پشتسەری (پدک) وەك ڕکەبەری دەوڵەتی بۆرجوازی شیعە لە خۆرهەڵاتی ناوین لەتەك بەرژەوەندی ڕەوتێکی شکستخواردووی وەك "کۆمونیزمی کرێکاری" یەکانگیردەبن.

لەپشت گشت ئەو ئەگەر و بەرەنجامانەوە، نەخشە و بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆری نیئۆ-ئوسمانی*** و هێزە ناوچەییەکانی دیکە ئامادەیە و دەوڵەتی تورکیە لە هەموو لایەك زیاتر لە بەرپاکردنی جەنگی نێوخۆیی عیراق قازانجدەکات، چونکە لەوانەیە وەك بەرەنجامی ئاوا جەنگێك فەرمانداریی نێوەندیی عیراق بۆ پشتشکاندنی (پدک) ئامادەبێت بەرتەریی ئابووریی و ڕامیاریی زیاتر بە دەوڵەتی تورکیە و هاوپەیمانەکانی (واتە پارتیی و بەرە تورکمانییەکانی نێو عیراق کە هەمان ڕۆڵی لەشکر و میتی تورکیە دەبینن) ببەخشێت، تاکو پشتی (پدک) بەربدات و زۆریش ئاساییە، کە دەوڵەتی عیراق بۆ لێدانی هەوڵ و ئامانجەکەی (پدک) لەتەك دەوڵەتی ئیسرائیل ڕێکبکەوێت و بەرتەریی نەوت و زۆر شتی دیکەش ببەخشێت و گرژی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتی ئێران خاوبکاتەوە و لەوێدا بەرژەوەندی دەوڵەتی عیراق- دەوڵەتی ئێران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی فەرمانداریی نێوەندیی عیراق و دەوڵەتی تورکیە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێزە تورکمانییە پرۆ تورکییەکان دابینبکرێت.

یاریکردنی (پدک) بەئاگر مەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خەریکی خۆشکردنی زەمینەی جەنگێکە کە تێداچوونی پارتیی خۆی و نیمچە سەربەخۆیی هەرێم و تەواوی هێزەکانی دیکەی هەرێم و ڕێکەوتن و یەکانگیری بەرژەوەندی هێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بەتایبەتی دەوڵەتی عیراق و تورکیە و ئێران مسۆگەردەکات، چونکە ئەستەمە لە چوارچێوەی عیراقێکی لکێندراو بە نەخشەی ناسیونالیزمی عەرەبی و لە عیراقی پاش شەش دەمە کودەتا و دیکتاتۆریی جەنەراڵەکان و بەعسییەکان و لە عیراقی پاش سێ ساڵ جەنگی (دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی سوننە) کە هاوپەیمانی (پدک) و دەوڵەوتی تورکیە (داعش)ی هێنایە نێو خاکی عیراق و موسڵی بە ئەو بەخشی، بەرپاکردنی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە بە گەرماوی خوێن بۆ گەلانی عیراق کۆتاییبێت. بە بۆچوونی من، وەك پێشتر ئاماژەمدا، دوو دەورە ١٩٩١- ٢٠٠٣ و ٢٠٠٣ – ٢٠٠٥ زەمینەی جیابوونەوە بەبێ جەنگی میلیشیایی و دروستبوونی کینەدۆزیی ناسیونالیستی هەبوو، بەڵام ئەو کات، سەرانی (پدک) و (ینک) لەجیاتی ئەوە داخوازی چەند ملیۆن دۆلارێك و پەردەپۆشکردنی پەروەندەکانی پەیوەندی نهێنی نێوان خۆیان و ڕژێمی ڕوخاو دەخەنە سەر مێزی هێزە هاوپەیمانە داگیرکەرەکانی عیراقی پاش فەرمانداریی بەعس و سەدام.

هەڵبەتە وەك پێشتر ئاماژەمدا هەڵوێستگیریی بۆ چەپەکان دژی هەرای ڕیفراندۆم لە ئێستا و ئەگەری کۆتاییهاتنی پرۆسێسەکە بە جەنگێك کە ٩٩% ئەگەری ڕودانی لە ئەگەری ڕونەدانی زیاترە و چەپەکان وەك پێشینەی مێژوویی بەتایبەت لەماوەی سەد و سێ ساڵی ڕابوردوو دژی جەنگە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بوون، ئاسانترە لە هەڵوێستگیریی بەرەی ناسیونالیستەکان دژی ئاوا هەڵایەک، کە تەڵە و تاکتیکی ڕکەبەرێکی پارلەمانیی خۆیانە، مەترسی کەمترە .

پێویستە ئەوەش بڵێم و ڕۆشنایی بخەمەسەر، کە هەڵوێستی (حککک / "کومونیزمی کرێکاری") لەوێوە نییە، کە ئەگەر ڕیفراندۆم و پرۆسێسی دەوڵەتاندنۆم سەرکەوتوو بن، لەتەك هەمان چارەنووسی سزاواریی ناسیونالیستی (ینک و پارتییە نیلییەکە)ی ڕووبەڕووبن. بە پێچەوانەوە بە سەرکەوتنی ڕیفراندۆم و جیابوونەوەی هەرێم (بە ئاشتییانە)، دەبێتە هۆی تێکشکان و ڕسوابوونی یەکجارەکی باڵە عیراقییەکەی "کۆمونیزمی کرێکاری" لە نێوەڕاست و باشوور. خراپتر لەو چارەنووسەش، چارەنووسی (حککک)یە وەك باڵێکی تاکتیکیی (حککع)، کە لە باری ڕودانی جەنگی نێوان فەرمانداریی هەرێم و فەرمانداریی نێوەندیی و تەشەکردنی بۆ جەنگی ناسیونالیستانەی نێوان ئێتنییەکان، چ وەڵامێك بە مێژوو دەدەنەوە، کە ئەوان شان بە شانی کۆمپانییەکانی نەوت و دەوڵەتی تورکیە و (پدک) دەبنە هەڵگیرسێنەری جەنگێك، کە هەموو جەنگەکانی پێشتووتری نێو عیراق و عیراق لەتەك دەرەوە دەکاتە خەونێکی ناخۆشی ڕابوردوو و جەنگی نێوان ناسیونالیستانی کورد و عەرەب، کە سەدەیەکە نەخشەی بۆ دەکێشرێت، ئەوان دەیکەنە کەتواری ڕۆژگار. ئایا لە بارێکی ئاوا، پارتییەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری" چی دەکەن و هەڵوێستیان چی دەبێت؛ دژی جەنگ یان بەشداری جەنگ بۆ سەرخستنی پرۆژەی دەوڵەتاندنی بۆرجوازی کورد؟

هەڵبەتە ئەوە نەگوتراو نەمێنێت، کە ئەگەر بار و دۆخی ئێستای عیراق و هەرێم هەمان بار و دۆخی دەمەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو بووایە، یان جەنگی نێوان فەرمانداری هەرێم و فەرمانداریی نێوەندیی، یان جەنگی ناسیونالیستانەی نێوان میلیشیا و ئێتنییەکان لە ئارا بووایە، ئەوا منیش بۆچوونێکی دیکەم لەبارەی هەڵوێستی پارتییەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری" دەبوو و لە خراپترین باردا بە هەڵوێستێکی تاکتیکی*****

لەپێناو بەدەسەڵاتگەیشتنم دەخوێندەوە. بەڵام ئەو مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییانەی کە ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ لەسەر هەرێمی "کوردستان" هەبوون، لە ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠١٧ نەماون و ئەوە فەرمانداریی هەرێمی "کوردستان"ە، کە بە فەرمانداریی نێوەندیی عیراق شەڕدەفرۆشێت و ئەوە (پدک) کە بە فیتی دەوڵەتی تورکیە دژی فەرمانداریی عیراق پیلانی گێڕا و (داعش)ی هێنا و هەر لادانی (پدک) لە رێکەوتننامە و یاساکانی عیراق و بەرنامەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بوو، کە بوو بە هۆی بڕینی ١٧% پشکی هەرێم لە داهاتی عیراق. ئەگەر مەترسییەکیش لەسەر هەرێمی "کوردستان" هەبێت، ئەوا جموجوڵی سەربازی و ڕامیاریی و ئابووریی و کولتووریی دەوڵەتی تورکیە و پشتیوانی دەوڵەتی تورکیەیە لە هێزەکانی (داعش). بەپێچەوانەوە نە ترس و بیانوویەك بۆ جیابوونەوە هەیە و نە جەنگێك هەیە، تاکو پارتییەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری" بەو دەوڵەتاندنە لە ڕژانی خوێنی چین و توێژە نەدار و بێدەسەڵاتەکانی باکوور و نێوەڕاست و باشووری عیراق بەربگرن.

لەبەرئەوە و بە بۆچوونی من، ئەگەر لەنێو ڕێزەکانی پارتییەکانی ڕەوتی "کۆمونیزمی کرێکاری" و لایەنگرانی ئەوان، کەسێك یان کەسانێك ماون و خۆشباوەڕییان بە کۆمونیستبوونی ئەو ڕەوتە ئەوانی ڕەدووخستووە، پێویستە ئەو پرسیارە پەیگرانە لە خۆیان بکەن؛ ئەگەر سەرەنجامی ڕێفراندۆمێکی ئاوا، کە هیچ پێداویستییەکی ناچاریانەی نییە و لە باری سەرکەوتووبوونی، فەرمانداریی بۆرجوازی کورد دەگۆڕێت بە دەوڵەتی بۆرجوازی کورد و خۆشباوەڕیی خەڵکی بە ساوایی بیست و شەش ساڵەی فەرمانداریی بۆرجوازی کورد دەگۆڕیت بە خۆشباوەڕییەکی دوو سەد و سەشت ساڵە. ئەگەر بەرەو جەنگی نێوان فەرمانداریەکان و میلیشیاکان و جەنگی ناسیونالیستی نێوان ئێتنییەکانی عیراق چوو، هەڵوێست و پێگەی ئەوان (لایەنگران و ئەندامانی پارتییەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری") چی دەبێت؛ وەستانەوە دژی جەنگێك کە خۆیان پووشدەری ئاگرەکەین، یان جەنگین وەک هێزی یەدەکی (پدک) لەنێو بەرەی ناسیونالیستانی کورد؟

بەکورتی : ئەوانەی کە نەخشەی ڕێفراندۆم و جیابوونەوەی هەرێمی "کوردستان"یان بۆ سەرانی دەسەڵاتداری (پدک) داڕێژاوە، زۆر بە وردی چەند شتێکیان بەرچاوگرتووە، کە بۆ مسۆگەرکەردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان چارەنووسسازن؛ گۆڕینی بەرەی (ینک و پارتییە نیلییەکە و پارتییە ئیسلامییەکانی بەرەی نەخێر) کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران و کۆمپانییە ئێرانییەکان و هاوبەرەیی فەرمانداریی نێوەندیی عیراق دژی دەوڵەتی تورکیە و کۆمپانییە تورکییەکان دەکەن، گۆڕینی (پدک) لەنێو هۆش و ئاوەزی زۆرینەی تاکە خۆشباوەڕەکانی کۆمەڵ بە پووچگەرایی "ڕزگاری کۆمەڵ بە بەدەوڵەتبوونی فەرمانداریی هەرێم" بە هێزی سەرەکی و بڕواپێکراو بۆ درێژماوە و چەند دەهە و سەدە؛ ئەگەر جەنگی نێوخۆیی فەرمانداریەکان و هێزە ناسیونالیستە عەرەبی و کوردی و تورکمانی و تەنانەت ئایینە جیاوازەکان هەڵگیرسا و بەرەی (نەخێر)ی پارتییەکانی دیکە دژی (پدک) هاوبەرەیی فەرمانداریی  نێوەندیی عیراقی کرد، ئەوا دیسانەوە بڕوای درێژماوە هەر (پدک) دەبێت و ئەگەر بەپێچەوانەشەوە بەرەی (نەخێر)ی پارتییەکانی دیکە بەناچاریی و لە ترسی نەفرەتی خەڵک هەڵوێستی خۆی گۆڕی و کەوتە پشت سەری (پدک)، ئەوا بۆ هەمیشە (پدک) سەرکەوتووی کایەکە دەبێت و جەستەی مردووی پارتییە نەیارە پارلەمانییەکانی و تەنانەت ناپارلەمانییەکانیشی بەرەو گۆڕستان ڕاکێشدەکات و پاشماوەی ئەو پارتییانە بۆ هەمیشە ملکەچی (پدک) دەبن.

دواشت، کە ئامانجی سەرەکی من دەبێت لە نووسین و دەربڕینی بۆچوون و دیتنەکانی خۆم، ئەوەیە، هەر ئێستا و لەم ساتەوە ئەرکی هەموومانە، ئێمە ئازادیخوازانی کۆمەڵی هەرێمی "کوردستان/ باکووری عیراق" و ئازادیخوازانی نێوەڕاست و خوارووی "عیراق"، هەر ئێستا و هەر کەس لە شوێنی ژیان و کار و فەرمانی خۆی و لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە هەیە و بە هەر زمانێك توانانی ئاخاوتن و دەربڕینی نارەزایەتی هەیە، پێویستە و دەبێت بەرەی دژی جەنگی نێوخۆیی فەرمانداریەکانی عیراق هەڵخڕێنێت و بانگەوازبکات، کە سەرەنجام وەك جەنگی نێوان گروپە ناسیونالیستەکانی بۆسنە و هەرزەگوین و فەرمانداریی یوگوسلاڤیای جاران، دەبێتە جەنگی ناسیونالیستی نێوان ئێتنییەکان و سەرتاسەری بەشەکانی عیراق دەکاتە گۆمی خوێن، وەك تۆڵەی کۆمپانییە بریتانی و ئەمەریکییەکان لە خۆماڵیکردنی نەوتی عیراق.

بەبۆچوونی من، ئەگەر هەر ئێستا هەر ئازادیخوازێك لەلایەن خۆی ڕۆژانە بەشێك لە نووسین و دەربڕینەکانی بۆ پاگەندەکردن دژی جەنگی نێوخۆیی هێزە دەسەڵاتدارەکان و تەشەنەکردنی ئەو جەنگە بۆ جەنگی نێوان گەلان، کە ئەگەری ڕودانی لە ڕونەدانی زیاترە، تەرخاننەکات، سبەی زۆر درەنگە و پەشیمانی و قامکگەستن و خۆزگەخواستن توانای بەرگرتن بە جەنگێکی نییە، کە لە سەردەمی دەرچوونی ناچاریانەی هێزەکانی بریتانیا تاکو ئێستا پووشی لەسەر کۆمادەکرێت.

---------------------------------------------------------------------

* یەکێك لەو کەسە ئێزیدییانەی کە وەرگێرانی پەروەندەی پەنابەرییەکەیم کردووە، ئاوای گێڕایەوە "بەخۆم ئەندامی (پدک) بووم، ژیان و گوزەرانێکی باشم هەبوو، لەنێو شاری شەنگال دوکان و ئۆتومەبێل و خانووی خۆم هەبوو، چەند ڕۆژ پێش بەدەستەوەدانی زومار و شەنگال

و مەخموور، (مەسرور بارزانی) کوڕی "سەرۆکی هەرێم" وەک نوێنەری (پدک) و کۆمپانییەکانی خۆی چووبوو بۆ ڕێکەوتن لەتەك سەرانی (داعش) لە ناوچەی موسڵ، بەڵام (داعش) بەپێچەوانەی پەیوەندییەکانی پێشووتر، (مەسرور کوڕی سەرۆکی هەرێم) بە بارمتە دەگرێت و داخوازی بەدەستەوەدانی زومار و شەنگال و موخموور دەکات، ئیدی ئەوە ڕویدا کە خۆتان لە شاشەی تەلەفزیۆن دیتتان"

** یەکەمین پارتیی کە دەمەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو، جیابوونەوە و "دەوڵەتی سەربەخۆی" دنەدا، (حککع) بوو، وەك پێشنیار و بڕیاری (مەنسووری حیکمەت) و "کۆمونیزمی کرێکاری". ئەو ئاوە لێڵەی کە ئێستا (پدک) پێی تێخستووە، یەکەم جار (حککع) ڕشتی و خۆشباوەڕیی "ڕزگاربوون و بەختەوەری لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆ"ی لەنێو مۆش و ئاوەزی خەڵکی ناڕازی ناموشیار چاند. ڕەوت و "ڕابەر"ێك، کە دروشمی "ناسیونالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت" بنێشتی هەر ساتەی بن ددانی لایەنگرانی بوو، بەلام بۆ ساتێکیش بەخۆی دەستبەرداری ناسیونالیزمی پان-ئێرانی نەبوو و بەرانبەر پرسی کوردان لە ئێران، هەڵوێستێکی دیکەی هەبوو و هەیانە.

*** ساڵی ١٩٩٦ (مەنسووری حیکمەت) "هێزی سێیەم" بوون و نزیکی "بە دەسەڵاتگەیشتنی (حککع)" لە کوردستانی بەشی عیراق پێشبینیکرد و "هێزی سێیەم" بنێشە خۆشەی ئەو ڕۆژانە بوو، هەر ئەو پێشبینییە بێبنەمایە بوو، کە سەرانی (حککع) دڵخۆش و لەخۆگۆڕاو کرد و ئەوانی بۆ خۆهەڵبژرادن و بەشداریکردنی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان هاندا، بەڵام سەرەنجامی دەنگدانەکان پێچەوانەی چاوەڕوانی لەخۆباییبوونی ئەوان، هەژماری دەنگەکانیان لە هەژماری ئەندامانی پارتییەکەیان کەمتر بوو.

**** بۆ ئاگاداری خوێنەر چەمکی (نیئۆ-ئوسمانی)م لە هیچ کەس وەرنەگرتووە، تاکو ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدەم، بەڵکو خۆم یەکەم کەس بووم، کە ئەو چەمکەم بەکاربردووە. مەبەستم لەم ئاگادارکردنەوەیە، ئەوەیە دزانێکی فەیسبووکی و ئینتەرنێتی پەیدابوون، کە کلی بەرچاوی دایکی خۆشیان دەدزن و ئەوانەش نووسەرانی تازەکار نین، بەڵکو نووسەرانی ناوداری ناسراو بە "کەڵە ڕۆشنبیرانی کورد" ناسراون. نموونەیەك لەو بارەوە، دە ساڵ لەمەوبەر چەمکی (خێڵی هاوچەرخ)م بۆ پارتیی ڕامیاری بەکاربرد و بەدیاریکراوی لەنێو پەرتووکی (چاوپۆشینێك لە ئێستا و تراجیدیایەك بۆ سبەی) هاتووە، کەچی پاش ئەوە تەنانەت لەلایەن ڕەخنەکراوانەوە بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەی وەرگرتنەکەی، بەکاربرایەوە.

***** کاتێك کە دەمەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو (مەنسووری حیکمەت) پێشنیار، یان ڕاستر بڵێم بڕیاری جیابوونەوەی هەرێمی "کوردستان" و پێکهێنانی "دەوڵەتی ناقەومی و سێکیولار"ی دەرکرد، ئەو کات لەسەر چەند بنەمایەك گوتم، تاکتیکێکی فرودەرانەیە، چونکە کاتێك کە (مەنسووری حیکمەت) بە ئامانجی دروستکردنی (حککع) کۆمەڵێك پرسیاری ئاراستەی سێ ڕێکخراوە پڕۆ"کۆمونیزمی کرێکاری" و ئەندامەکانیانی کرد، یەکێك لە پرسیارەکان ئەوە بوو "دەبێت حزبی کۆمونیستی کرێکاری عیراقی بێت یان کوردستانی، بۆچی؟ " هەر زوو ئەوانەی کە لایەنگری کوردستانیبوونی ئاوا پارتییەك بوون، بە ناسیونالیستبوون تۆمەتبارانکران. ئەگەر بە دروستی لەیادممابێت، کەسێك بەناوی (بەختیار کەریم) لەو بارەوە نامیلکەیەکی نووسیبوو، ئەو بەدبەختە تاکو ڕادەی "دوژمنی چینایەتی" و "ناسیونالیستی خەوتووی نێو ڕیزەکانی کۆمونیزمی کرێکاری" تاوانبارکرا. بێجگە لەوەش هەم (مەنسووری حیکمەت) و هەم پارتییەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری" هاوکات دژی جیابوونەوە و داخوازی یەکێتی فێدرالیستی "کوردستان"ی بەشی ئێران بوو و هەن.